کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:16 11-6-2007

## هەفتەنامەی هاوڵاتی بۆ میتی تورک کار دەکات ... عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی

abdulagermiki@yahoo. com



وەك دەزانرێت لەباشووری کوردستان بەگشتی لەڕووی راگەیاند و رۆژنامەوانییەوە، هەر هەمووی لەلایەن حزبەکانەوە قۆرخکراوە، تەنها چەند رۆژنامەیەك نەبێ ئەویش بەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکات کە خۆیان وەکو سەربەخۆ دەناسێنن لەناو جەماوەردا، هەفتەنامەی (هاوڵاتی) ش یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە دەیەوێت خۆی لەناو جەماوەردا بەسەربەخۆ و بەزمانی هاوڵاتی خۆی پیشانبدات، بەڵام لەڕاستیدا وانییە، لەماوەی رابردووشدا بەبڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵی ناڕاست بۆ خەڵك دەرکەوتووە کە ئەوان چین و بەتایبەتیش لەم ماوەی دوایدا ئەو حەقیقەتە ئاشکرا بوو، بەبڕوای منیش شێواندنی راستییەکان وەکو خیانەتێکی گەورەیە لەگەل و نیشتمان.

لەبەرواری (2007/6/11) لەسایتی هاوڵاتیدا هەواڵێکی بڵاوکردوەتەوە کە سەرچاوەکەی لەمیتی تورك وەرگرتەوە، پێشتر درکم بەو راستییە کردبوو، بەڵام ئەمجارەو بەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ئەو راستیەمان بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی هەفتەنامەی هاوڵاتی لەخزمەتی میتی تورکیدان و بۆ ئەوان کار دەکەن، کاتێك کە مانشێتی ئەو هەواڵەم بینی کە بەم جۆرەبوو (کوژرانی چوار گەریلا و سەربازێکی تورك) یەکسەر ئەو راستیەم بۆ دەرکەوت کە هەفتەنامەی ناوبراو ئەو هەواڵانەی کە تایبەتن بەپەکەکە و باکووری کوردستان سەرچاوەکەی لەمیتی تورکەوە بۆ دێ، لەدرێژەی هەواڵەکەدا هاتووە و دەڵێت (سەرچاوە سەبازییەکە وتی بێگومان سەربازییەکە مەبەستی سەربازی تورکە و باس لەوە دەکات کە ئەو شەڕەی روویدا لەگەڵ سوپای تورکیا کە شەڕەکە لەپارێزگای موس روویداوە لێرەدا ئەوەش دەرکەوت کە رۆژنامەی ناوبراو زانیارییەکی ئەو تۆی نییە لەئەوەی شارەکانی کوردستان ناویان چییە، بۆیە موشی بەموس ناوهێناوە، گریمان ئەمە هەڵەی چاپ بوو، لێ سوکایەتییەکی گەورەیان بەتەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد کردووە، سوکایەتییەکەش ئەوەیە کە هەر لەو هەواڵەدا هاتووە و دەڵێت، پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی (1984) دامەزراوە! باشە سووکایەتی لەمە گەورەتر، هەموومان دەزانین پارتی کرێکارانی کوردستان بەفەرمی لەساڵی (1978) دامەزراندنی راگەیاندووە، بەڵام لەساڵی (1984) دەستی بەخەباتی چەکداری کردووە، هەر لەو هەواڵەدا هاتووە و دەڵێت پەکەکە تا ئێستا (37) هەزار کەسی لێ کوژراوە لەئەنجامی شەڕەکاندا، باشە ئەو رێژە ناڕاستە هاوڵاتی لەکوێوە هێناویەتی ئەگەر لەمیتی و ئیستیخباراتی تورك وەری نەگردبێت کە ئەو رێژە دوورە لەڕاستی.

ئێستاش لەکوردستاندا عەسکەر و میتی تورك بەکەیفی خۆیان گێزماخ و تەراتێن دەکەن، لەم چەند رۆژەی رابردووش بوونی عەسکەری تورك لەلای کۆمەڵگای ئاڵتونی سلێمانی بەڵگەی ئەم راستیەن، ئەمەش بەئاشکرا و بەبەرچاوی خەڵکەوە لەراگەیاندنەکانیشدا باس کرا، دە بزانە ئەمە بەئاشکرا بوو ئەی دەبگرە بزانە چەن جێگەی نهێنی و ئاشکرای تریان هەیە بۆ کاری سیخوڕی، ئەمڕۆش لەشارە جیاجیاکانی کوردستان لەژێر ناوی کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانیانەوە کاری ئیستخباراتی خۆیان دەکەن. کەچی هەردوو حزبی دەسەڵات و ئەحزابەکانی تر و خەڵکیش باس لەوە دەکەن کە گەر سوپا تورکیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان قسەکانیان وایە کە تەنها قبوڵ ناکەن، ئێ باشە خەڵکینە بوونی عەسکەری تورک لەباشووردا لەوەی زیاتر دەبێ چی بێت، بێگومان ئەم هەلەی میتی تورک کە ڕخساوە بۆیان بەئارەزووی خۆیان گێزماخ بکەن و کاری ئیستیخباراتی بکەن لەباشووردا ئەمەش دەرگایەکی تری ڕێگە خۆشکەرە بۆ هەفتەنامەی هاوڵاتی و هاوشێوەکانیان، چونکە ڕەوشەکە لەبارە بۆ ئەوەی بیانخاپێنن بەپارەو پول وایان لێ بکەن کە نەك تەنها بەپەکەکە سوکایەتی بکەن، بەڵکو ئامادەن خاك و دەشت و شاخ و ناموسی خۆیان بفرۆشن بەئیستیخباراتی تورك لەپێناو پارەدا وەك ئەوەی کە هاولاتی کردی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.